# دوو کورتە نامە لە مەسعوود محەمەدەوە بۆ تاهیر ئەحمەد حەوێزی

**ئا: رامان**

**نامەی یەکەم**

**برام کاک تاهیری ئەحمەداغای حەویزی زادە**

ڕۆژباش

سپاست دەکەم بۆ تەبریکنامەکەت، ئومێدم هەیە هەمیشە کرداری وا بێتە ڕێگات کە شایانی تەبریک بێت. ئەمما مەسئەلەی «ئەمیرێک.. وەزیرێک» با پێت بڵێم یەکەم کەس کە بۆی نووسیم مامۆستا حەمەڕەش بوو، لەگەڵ ئەمەش موحەقەق دەزانم کە قۆیبەت نەکردووە، چونکە نە حەمەڕەش، نە کاغەزەکەت نەدیوە، هەرچۆنێک بێ، زۆر سپاسی هەردوولاتان و هەموو برادەران دەکەم، موهیم ئەوەیە لەو شتە کۆیە زەرەر نەکا و سەری بڵند بکەین.

مەوزووعی کتێبەکەت دوور بە دووری عیلاج ناکرێ، موراجەعەی شەخسیی دەوێ، ئەوسا منیش یارمەتیت دەدەم، یاخود ئەگەر تەریقەیەکی مەعلووم هەیە تا یارمەتیت بدەم بەو پێیە.

ئیتر سپاست دەکەم و داوای سەرکەوتنت..

**بەغدا**

**١٩٦٤/٧/٢**

**برات**

**مەسعوود مەلا محەمەد**

**جەلیزادە**

**نامەی دووەم**

**برای بەڕێز ماموستا**

**تاهیر حەوێزی**

سڵاوی برایانە: نامەت لە دەمی نەخۆشیمدا گەیشت، وەک نامەی برادەرانی دیکەی دڵسۆزم بوو بە تەسلییەبەخش. لەو دەمەدا دەستم قەڵەمی نەدەگرت- وا چەند ڕۆژێکە هاتوومەتە ماڵەوە، ماوەیەکی موناسیبم بڕیوە لە گەشتی چاک بوونەوەم- بەم چەند دێڕە دەمەوێ قەرزی پیاوەتییەکەت بدەمەوە، بەڵام سپاس بۆ خوا لە کاتی تەندروستیت قەرزەکەت پێ دەگاتەوە.. بەلامەوە پرۆستاتەکەت پشتگوێ نەیەخی زوو لە کۆڵ خۆتی بکەیتەوە مەسڵەحەتە: من کە لێی بێ خەم بووم بە زۆر کەوت لەسەرم. سوننەتانەی منداڵی بێ، وەک مەلا نافیع دەڵێ، وەیا زەربەی پیری بێ وا کەوتۆتە ئەستۆ، ئومێد دەکەم بە ئاسانی لە کۆڵت بێتەوە.

زۆر سپاس، دیسانەوە بۆ لێپرسینەوەت، خوا حەز بکا لە دەرفەتی دوای بەسەرچوونی بێ تاقەتیم بە یەکدی دەگەینەوە، ئیتر بژین بۆ براتان

**مەسعوود محەمەد**

**بەغدا ١٩٨٩/٩/٢٨**



